رِوانین

**سوارە نەجمەدین**

# پێوەندیی نێوان مزگەوت و ئەدەب



## ئەدەب هەرێمی نییە

١

"نووسین وا دەکات کەسێک ببێت بە مرۆڤ".. لۆرانس دارێل

ئەگەر شیعر نەبووایە، هیچ کەسێک نەبوو، گۆرانییەکانی پاسارییەک بخاتە سەر کاغەز، لەنجەی کچێک بکات بە مۆسیقا

ئەدەبیش وەکو "باران" هەرێمی نییە، لە کوێ هەورەکە چڕبووەوە دەبارێت، هەرچۆن باران پێویستی بە هەتاوە تا کاریگەری لە دەریا دروست بکات و ببێتە هەڵم، ئەوکات هەورەکان ڕەش دەکاتەوە و لە هەر کونجێکی ئەم زەوییەدا بۆی بگونجێت دەبارێت، بە هەمان شێوەش ئەدەب پێویستی بە منداڵێکە، کە لەسەر شەقامەکە، لە ناوەندی ئۆتومبێلەکاندا نێرگز دەفرۆشێت، شاعیرێک چاوەڕێ دەکات، کچۆڵەیەک هەموو دەسکەکانی لێ بکڕێت و ئەم بیکات بە قەسیدەیەک، چیرۆکنووسێک پەلەیەتی ماشێنێک لێی بدات و کۆتاییی چیرۆکەکەی تراژیدیا بێت، بە هەمان شێوەی هەور، چۆن چاوەڕوانە ئەو هەڵمەی لە دەریاوە پێی دەگات، نازانێت "باران و تەرزە و بەفر" کامیان دەبارێنێت؟

نووسین بە تایبەت ئەدەب، بە تەنیا پێویستی بە پاشخانێکی زانیاری نییە، بگرە هەست و بارودۆخ وا دەکات، تێکست کامڵتر بێت

ئەو منداڵە لە هەرکوێی ئەم زەمینەدا بێت بۆ ئەدەب دەشێت، لە مەقادیشیۆ یان لە تانجە، لە سانتیاگۆ یان لە گەڕەکێکی حاجیاوا، لەبەرئەوە ئەدەب هەرێمی نییە، ئەو بارانەی لە "پردێ" دەبارێت، دەتوانێت، زەویی میونیخیش تەڕ بکات، بەسەرهاتی چەپکە نێرگزەکان، دەتوانن لە بەستەڵەکەکانی خوارو و سەرویش بگێڕدرێنەوە، بەڵام لە هەموو جێگەیەک پێویستی بە مرۆڤێک هەیە بیخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی تێ بگەم منداڵێک چەند پێویستی بە پارەی ئەو بۆیاغەیە کە پێڵاوەکەی "من" تا نزیکە لووتی دەکاتەوە، دەبێت لە چاوی ئەدیبێکەوە سەیری بکەم، ئەو کات دەزانم ئەگەر شیعر نەبووایە، هیچ کەسێک نەبوو، گۆرانییەکانی پاسارییەک بخاتە سەر کاغەز، لەنجەی کچێک بکات بە مۆسیقا.

## ٢

«یەکێک لەو هۆیانەی وای کرد بنووسم، ئەوەبوو، کەس ئەو شتانەی نە نووسی، کە حەزم دەکرد بیانخوێنمەوە»..

فلیپ لارکن

نووسین بە تایبەت ئەدەب، بە تەنیا پێویستی بە پاشخانێکی زانیاری نییە، بگرە هەست و بارودۆخ وا دەکات، تێکست کامڵتر بێت، پێم سەیرە چۆن شاعیرێک بە سێ پرسگە بگەیتە لای دەتوانێت شیعر بنووسێت! یاخۆ چیرۆکنووس چۆن چیرۆکێک دەخوڵقێنێت، بە بێ ئەوەی لە برسێتی منداڵێکی چلورەفرۆش تێ گەیشتبێت، کە لە ترسی توانەوەی چلورەکانی ناوێرێت بچێتەوە لای دایکە بێوەژنەکەی؟ ئەدیب بەدەر لەوەی پێویستی بە خوێندنەوەی ئەدیبانی ترە، پێویستی بە خوێندنەوەی مرۆڤەکانی تریش هەیە، تاکو دنیا بینی خۆی نیشان بدات، گۆران لە درزێکی بچووکی پەچەوە نیگایەک دەبینێت، جوانترین شیعری بۆ دەنووسێت، بەڵام ئەمڕۆ لە ژێر پۆشاکەکەیەوە، هەموو بەدەنی دیارە، کوان ئەو قەسیدانەی کچەکانیان رووت کردووەتەوە؟، مارکیز بەهۆی رژانی چەند دڵۆپێک خوێن لەسەر بەفرەکە، رۆمانێک دەنووسێت، لای ئێمە خوێنی هەزاران مرۆڤ رژا، سەدان هەزار زیندەبەچاڵ کرا، هەناسەیان لە چەندانمان بڕی،...، بەڵام هێشتا نەک مارکیزمان تێ نەپەڕاندووە، بگرە هەر پێشی نەگەیشتووین.

بەدەر لەمەش هەندێ جار جیهان دەبەزێنین و نابینرێین، ئەوە تەنیا وێنەی ئێمە نییە، ناتوانێت نمایشی خۆی بکات، چاوی جیهانیش زۆر جار نامانخوێنێتەوە، یەشار کەمال چەند لە نۆبڵ وەرگران گەورەترە؟ جاندەمۆ بە بەدمەستی چەند لە ئەدگار ئالان پۆ دەچێت و سەرکۆن بۆڵیس چەند لە ئارتۆر رامبۆ، کێ دەڵێ بەختیار عەلی گوێڕایەڵترین خوێندکاری فۆکنەر نییە؟، بەڵام کارەسات لەوەدایە، ئەم دەنکە سپییانە لە ناو ئەو بازاڕە رەشەدا ون دەبن و دیار نامێنن.

تەکنەلۆجیا رۆژئاوای داپۆشی، مرۆڤیان دروست کرد و هەموو زەوییان پێکەوە بەستەوە، کەچی شیعر و چیرۆکەکان خۆیان نەدا بەدەستەوە، بەڵام دەبینی هێشتا بەکارهێنانی مۆبایلمان تێ نەپەڕاندووە، کەچی بەتەڵکان ئەوەندە تەکنەلۆجین، خەریکە شعرییەت ون دەکەن، هێشتا حوکممان نەداوە بە رێگەی کانی و شکانی گۆزە، کەچی پاڵەوانەکە بیری ئێرتیوازی لێداوە، چیرۆکنووسی داماو چاوەڕوانە کۆترەکە نامەی کچەکە ونب کات، کەچی

کـوڕە مـۆبـایلـەکـەی دەردەهێنێت و بـە مـەسج پێی دەڵێت "خـۆشم دەوێیت"، من ناڵێم تەکنەلۆجیا نایەتە ناو ئەدەبەوە، بەڵام دەڵێم چۆن لە شیعرێکا ئینتەرنێت بەکار بهێنین؟ ئەمەیە وا دەکات، ئەدەب سنوردار بێت یان نا.

٣

ئەوە نووسەرە شەریعەت دەدات بە رۆژنامە، بڵاوکراوەکان تەنیا دەتوانن، ئەدیبی بچووک پێ بگەیەنن، بەڵام ئەدیبی گەورە رۆژنامەی بچووک گەورە دەکات، کارەسات ئەوە نییە کۆمەڵگە تەنیا ئەدیبێک لە دەست بدات، کێشەکە لەوێوە دێت، کە گۆڤارە ئەدەبییەکە ببێتە قوربانی بەرژەوەندی تاک، ئەمە بۆ بڵاوکراوەیەکی سیاسی حزبی ئاساییە، بەڵام نەک هەر بۆ بڵاوکراوەیەکی ئازادی ئەدەبی دروست نییە، بەڵکو بۆ رۆژنامەیەکی ئەدەبی حزبیش ناگونجێت، چونکە ئەدەب موڵکی حزبێک نییە، حزب دەتوانێت هەموو کایە سیاسیەکان بکاتە خزمەتکاری خۆی، بەڵام مەترسییە ئەدەب و ئەدیب ببنە دەرباری سیاسەت"بە تایبەت شیعر".

دەبێت بەرپرسە ئەدەبییەکانی ئێمە تێ بگەن، کە گۆڤار و رۆژنامەی ئەدەبی لە مزگەوت دەچێت و خەسڵەتی ماڵی خوای هەیە، هەر چۆن مزگەوت بە ناوی خواوەیە و بۆ هەموو کەسێکە رووی تێ بکات، بڵاوکراوەی ئەدەبیش جێگای هەموو دەقێکی تێدا دەبێتەوە، هەندێک دێنە مزگەوت پێنج فەرز نوێژ دەکەن و هەندێکی تر، تەنیا لە کاتی تەنگاویدا خۆیان بە سەرئاوی مزگەوتەکاندا دەکەن، مجێورەکە دایمە لەوێیە و حەمباڵێکی ماندوویش یان زستانە و لە بەردەم زۆپا دارەکەدا خۆی گەرم دەکاتەوە، یان هاوینە و سەرخەوێکی ماندوویتی لە بەر هەیوانەکەیا دەشکێنێت، ژنێکی سواڵکەر لە ناو دەرگەی دەرەوەدا دانیشتووە و دەرۆزە دەکات، شەوانیش موسوڵمانان بۆ نوێژی تەراویح ریز دەبەستن.

لە بڵاوکراوەی ئەدەبیشدا دەبێت جێگەی کابرای نوێژکەر و رێبوارە تەنگاوەکە و مجێورەکە و ژنە دەرۆزەکەرەکە و مەلا و حەمباڵە هیلاکەکەشی لێ ببێتەوە، گوناهێکی گەورەیە مامۆستا ئاینییەکان لە ناوخۆیاندا رێک بکەون و ئەم بچێتە پێشنوێژی مزگەوتی ئەو و ئەویش وتارخوێنی نوێژی هەینی مزگەوتەکەی ئەم بێت، یان مجێورەکە تەنیا بیەڵێت خزمی مجێورەکەی مزگەوتەکەی ئەو بەرەوە دەبەکەی لە ئاوی مزگەوتەکەی ئەم پڕ بکات، تاوەکو بێوەژنەکەی خزمی ئەمیش بچێت لە مزگەوتەکەی ئەو ... .